هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

No:                      ژمارە: ٧
Date:                  ڕۆژ: ١٠ / ٩ /٢٠١٩

# بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری (١٠ / ٩ /٢٠١٩) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ( ٥٤ ) پەنجا و چوارەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٦) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن.

پاڵپشت بە بڕگەی (٨) لە ماددەی شەشەمی یاسایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٩)ەی بۆ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق دەرکرد بە درێژکردنەوەی ئەم خولەی ئەنجومەن تا خولی هەڵبژاردنی داهاتوو، بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١.پشتگیری لە بە سیستەمکردن و ئەلیکترۆنیکردنی دام و دەزگاکان و مامەڵەی هاولاتیان دەکەین لە بەرژەوەندی گشتی و گرێبەستەکە بەکێ بەرکێ بێت.

٢.بۆ بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دادی هەرێم پێشنیاز دەکەین ئەم گرێبەستەی لە نێوان وەزارەتی داد و کۆمپانیای (INFORR) کراوە هەڵبوەشێتەوە و داڕشتن بۆ گرێبەستێکی نوێ بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکان و ڕەزامەندی بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەپێی نوسراوی ژمارە (٨٠٩)لە ٢٠١٩.٢/١٣.

٣.بەپێی بنەمای سەروەری یاسا و دەستوری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) لە ماددەی ( ١٩ ب ١) کە دەڵێت ناکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکار باج و ڕسومات فەرز بکات و سزای هاولاتیان بدات بەبێ یاسا باشتر وایە پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاری لە ڕسومات بکات کە لە یاسایی ژمارە (١٣٥)ی ساڵی (١٩٧١)ی عەریزە نووسەکان هاتووە.

٤.بەپێی یاسای ناوبراوی سەرەوە لە ماددەی (٤،٣) پێدانی مۆڵەتی عەریزە نوسین لە دەسەلاتی دادگاکانە، پێمان وایە ئەمە دژە لەگەڵ کارکردنی عەریزە نوسەکاندا کە ئەو مافەیان لێ وەربگیرێتەوە و بدرێت بە کۆمپانیایەکی تایبەت .

٥.لە گرێ بەستەکەدا پارەیەکی زۆر دیاری کراوەبۆ فۆرم پڕکردنەوە کە بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینارە لەسەر پسولەکە کە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی دادی لەسەرە.

* ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠١٩/٩/١٠ .
* لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.
* بە دەنگی (٢٩) ئەندام پەسەندکرا.

**ئازاد محمد أمين**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

KANY